

دیدار

جەمیل تۆران:

# من کارەکتەری خەیاڵیم نییە لە نووسیندا، من لە واقیع دەدوێم

سازدانی: یوسف لەتیف

جەمیل تۆران لە ساڵی ٩٥٣ لە بایەزیدی باکوری کوردستان لە دایک بووە دواتریش بۆ خوێندنی زانکۆ چووەتە ئەنقەرە و ئەستەمبوڵ، پاشان تێکەڵی کاری سیاسی بووە و تووشی راوەدونان و زیندانی و ئەشکەنجە بووە، بۆیە تورکیا بەجێ دەهێڵێ و روو لە یۆنان دەکا و لەوێ مافی پەنابەرێتی وەردەگرێ و شێوازی کاریشی دەگۆڕێ لە سیاسییەوە بۆ ئەدەب و رۆژنامەوانی... ناوبراو تا نهۆ چوار رۆمانی بەزمانی یۆنانی نووسیوە کە هەر هەموویان رووداو و کارەساتە جەرگبڕەکانی میللەتەکەمانی لێ دەگێڕێتەوە و وەرگێڕدراونەتە سەر چەندین زمانی جیهانی تر، گوڵبژێرێکی لە شیعری شاعیرە کوردەکان لە ئەحمەدی خانی و مەلای جەزیری و تا دەگاتە شێرکۆ بێکەس و لەتیف هەڵمەت وەرگێڕاوە

بۆ سەر زمانی یۆنانی بۆ زیاتریش ناسینی مامۆستا جەمیل تۆران دەمانەوێ چەند پرسیارێکی لێ بکەین.

*** مامۆستا کورتەیەک لە ژیان و بەرهەمت**

– ساڵی ١٩٥٣ لە باکوری کوردستان ناوچەی سەرحەد لە شاری بایەزید لە دایک بووم، منداڵیم لە بایەزید و ئاگری بەسەر بردووە و لەوێ خوێندوومە دواتر چوومەتە ئەستەمبوڵ و ئەنقەرە بۆ تەواوکردنی زانکۆ. سەردەمی گەنجی و ئەو کاتەی لە قوتابخانە و زانکۆ بووم، وڵات بەرەوشێکی نالەبار و پڕ ئاڵوگۆڕی سیاسیدا تێ دەپەڕی، وەک کوردێک نەمتوانی دوورە پەرێز بوەستم بۆیە بەشداریی کاری سیاسیم کرد، لە پێناو کورد و کوردستاندا هەردەم لە پێشەوەی خەباتکار و شۆڕشگێڕان بووم، هەردوو سەردەمی رژێمە دیکتاتۆرییەکانی ساڵانی ١٩٧١ و ١٩٨٠م بەچاوی خۆم بینیوە راونراوم، ئازار دراوم، گیراوم و زیندانی کراوم و حوکم دراوم، دووجار هەموو شێوازەکانی ئەشکەنجە و ئازاری زیندانم دیون. ئێستاش شوێنەواری ئەو ئازارانە بەگیانمەوە دیارە، بۆیە دوای ئازادکردنم لە ساڵی ١٩٨٤ بێ راوەستان رام کرد و تورکیام جێ هێشت، چوومە یۆنان و داوای پەنابەریم کرد. دواتر مافی هاووڵاتی بوونم وەرگرت و تا ئێستا لە یۆنان دەژیم، ئەگەرچی کاری سیاسی ناکەم، بەڵام وەک کوردێک بۆ کورد کار دەکەم. لە رێگەی نووسین و کاری رۆژنامەوانی بەهەموو توانامەوە بەردەوام کار بۆ ئەوە دەکەم تەواوی لایەنەکانی ژیانی کورد بەخەڵکی یۆنان بناسێنم ئێستا فەرمانبەرم لە وەزارەتی راگەیاندنی یۆنان و ئێوارانیش لە رۆژنامەیەکی ئازاد بەناوی «ئێلیفترۆ تیپیا» کار دەکەم.

> **"لە رێگەی نووسین و کاری رۆژنامەوانی بەهەموو توانامەوە بەردەوام کار بۆ ئەوە دەکەم تەواوی لایەنەکانی ژیانی کورد بەخەڵکی یۆنان بناسێنم"**

> **"ماڵپەڕێکم هەیە لە ئینتەرنێت زۆر دەوڵەمەندە لە بارەی ژیان و مێژوو و ئەدەب و هونەر و کولتوور و سیاسەت و لایەنەکانی تری کوردەوارییەوە کە بەردەوام دەوڵەمەندتری دەکەم"**

*** پێمان خۆشە بەگشتی لەسەر نووسین و ئەزموونەکانت**




**بۆمان بدوێی.**

– جگە لە کاری ڕۆژنامەوانی کاری سەرەکیی من ئەوەیە رووی جوان و گەشی کورد و رەوایی کێشەکەی بەگەلی یۆنان بناسێنم، چونکە زۆرجار لە دەرەوەی کوردستان شتی ناشیرین و نادروست لەسەر کورد بڵاو دەکرێتەوە، من لە رێی نووسینەکانم بەرپەرچی ئەوانە دەدەمەوە، تا ئێستا چەندین رێپۆرتاژم لەسەر رەوشی پڕ ئارامی هەرێم و ئەزموونی حکوومەت و ئاوەدانکردنەوە و شتە جوانەکانی تری کوردستانم لەو رۆژنامەیە و میدیای یۆنانیدا بڵاو کردووەتەوە، چاوپێکەوتنی یەک لاپەڕە و دوو لاپەڕەم لەگەڵ سەرکردەکانی کورد و بەرپرسە باڵاکانی حکوومەت و پەرلەماندا کردووە و بڵاوم کردووەتەوە، ئەمە و چوار رۆمانم بەزمانی یۆنانی لەسەر واقیعی ژیان و ئێش و ئازاری گەلی کورد و ئەو زوڵم و زۆردارییەی لێی کراوە و لێی دەکرێ بڵاو کردووەتەوە، کە هەر هەموو لایەنە گرینگەکانی مێژوو و ژیانی کوردانە تا خەڵکی یۆنان بزانن چی بەسەر کورد هاتووە، چۆن چەوسێنراوەتەوە، هەروەها چۆن کورد بەرگریی لە خۆی و خاک و داروبەردی وڵاتەکەی کردووە. تا ئێستا بەرهەمی ئەدەبیم ئەم چوار رۆمانەیە، بەڵام من کار لەسەر مێژووی کورد دەکەم لە نێو رۆماندا، یەکەم رۆمانم «گوڵە بەفرینەی خوێناوی» کە ئێستا لە دەزگای ئاراس بەکوردی چاپ و بڵاو دەکرێتەوە لە یۆناندا شەش جار چاپ کراوەتەوە. رۆمانی دووەمم بەناوی "چاوی گورگ" لەلایەن مامۆستای هونەرمەند عەلی حوسێنەوە کراوەتە کوردی لە ساڵی ئایندە ئەویش چاپ دەکرێ، رۆمانەکانم وەرگێڕدراونەتە سەر زۆربەی زمانە زیندووەکانی جیهان وەک ئینگلیزی و فەرەنسی و ئیتاڵی و سویدی و تورکی. هەروەها جگە لەم چوار رۆمانە جار جار کاری وەرگێڕانیش






دەکەم، مێژووی کورد و کوردستان لە نووسینی مامۆستا کەمال بۆرقای (٧٥٠) لاپەڕەیە وەرم گێڕاوەتە سەر زمانی یۆنانی جگەلەوە کۆمەڵێک شیعری شاعیرانی کورد لە قۆناغە جیا جیاکان لە ئەحمەدی خانی و مەلای جزیری تا شێرکۆ بێکەس، لەتیف هەڵمەت و گەلێکی ترم وەرگێڕاوەتە سەر زمانی یۆنانی. ماڵپەڕێکم هەیە لە ئینتەرنێت زۆر دەوڵەمەندە لە بارەی ژیان و مێژوو و ئەدەب و هونەر و کولتوور و سیاسەت و لایەنەکانی تری کوردەوارییەوە کە بەردەوام دەوڵەمەندتری دەکەم و خەڵکێکی یەکجار زۆر دەیخوێننەوە و سوودی لێ وەردەگرن بۆ ناسینی کورد و شارەزابوون لەسەر رەوشی کوردان.

*** ئەو کارەکتەرانە چین لە لاشعورەوە لە پشت نووسینەکانتن.**

– من کارەکتەری خەیاڵیم نییە لە نووسیندا، من لە واقیع دەدوێم، رووداو و کارەساتە جەرگبڕە دژوار و بەسەرهاتە مێژووییە سەختەکان دەکەم بەڕۆمان، کاراکتەرەکانم خەڵکی ستەم دیدە و وڵاتپارێزن رەشورووتی میللەتەکەمن کەسانی داستانەکانن، من بەلاشعور کار ناکەم لە نووسیندا واقیعی بەسەرهاتی میللەتەکەم و دۆستەکانی میللەتەکەم دەنووسمەوە لە کورد و هاوخەباتی کورد دەدوێم.. نووسینەوەی مێژوو سەختە، مێژوو خوێنەریشی زۆر نییە بۆیە هەمیشە بەڕۆمانەکانم وا لە خوێنەر دەکەم لە رەوشی میللەتەکەم بگا و بمانناسێ بێگومان رۆمان خوێنەری زۆرترە لە مێژوو.

*** پرۆژە و کاری داهاتووت؟**

– دوای سەری ساڵ لە یۆنان، رۆمانێکی ترم کە پێنجەمینە دەکەوێتە بازاڕەوە، ئەویش کارکردنە لەسەر مێژوو لەسەر رووداوی واقیعی، ساڵی ١٩٥٠ شەڕێکی گەورە لە نێوان ئەمریکا و کۆریا رووی دا کە تورکیاش ئەندامی ناتۆیە هاوکاریی ئەمریکای کرد. لەو شەڕە کوڕە کوردێکی خەڵکی بایەزیدی شاری من لەوکات سەرباز بوو بەشداریی ئەو شەڕەی کردووە بریندار بوو و بەدیل گیرا، لەوێ کوردێکی ئەرمینیا دەناسێ کە ئەویش سەربازی سۆڤیەتە و ئەوانیش هاوکاری کۆریا دەکەن، دواتر ئەو دوو کوردەم لە نزیکەوە بینین، یەکەمیان لە ساڵی ١٩٧٥ و ئەویتر لە ساڵی ١٩٩٣ کە بەدرێژی رووداوەکانی ئەم شەڕەیان بۆ گێڕامەوە، کومەڵێک کتێبی ئەمریکی و کۆرییاییشم بەیۆنانی لەسەر ئەو شەڕە خوێندەوە کە هەرچەندە شەڕەکە پێوەندیی بەکوردەوە نییە، بەڵام چۆن لە هەردوولا کورد بووەتە سوتەمەنیی شەڕ ئەمەم کردووەتە رۆمانێک کە بەڕای من لە هەموو رۆمانەکانی ترم جوانتر و سەرکەوتووتر دەبێ ئەمە و لە بواری وەرگێڕانیشدا، خەریکی وەرگێڕانی دوو کتێبی

مێـژوویيم کـه هـەردوو مـێـژوونووسـی مـەزنـی یۆنان شـتـرابۆن و کـیـرۆئەناباس «زەینەفۆن» نووسـیـویانن، تیـایدا بـاسـی کـورد دەکـەن لە سـەردەمی کـاردۆخـیـیـەکـاندا کـە ئـەوکـات نـاوی کورد کاردۆخ بووه. ئەمە و چی بکەوێتە دەستم سوودی بۆ کورد هەبێ من دریغی لێ ناکەم چ لە کاری رۆژنامەوانی یا لە کاری نووسین و وەرگێڕاندا.

*** کارکردن لە ناو وەرگێڕاندا پرۆسەیەکی مەعریفییە ئەو کارانەی کردووتن چین؟**

- بێگومـان وەرگـێـڕان پرۆسـەیەکی مـەعریفـیی زیندوو و پڕ بـایەخـە، پێـویسـتـی بەزانینی زمـانە بەشـێوەیەکی ئەکـادیمـی و دروست، واتا وەرگـێـڕ دەبێ هـەردوو زمـان بەڕەوانی بزانێ بەلانـی کـەم پشت بەفـەرهـەنگ ببـەسـتـێ لە وەرگـێـڕاندا، جگـە لە زانینـی زمـان دەبێ باگراوندێکی مەعریفی لەسەر کولتوور و مێژوو و دابونەریت و زۆر شتەکانی هەردوو زمان بەتایبـەتی زمـانـی لێ وەرگـێـڕدراو بزانێ، جگەلەوە کـەسـی وەرگـێـڕ پێـویسـتـە نووسـەر و رۆشنبیر بێ. کاری وەرگێڕان حەز و عەشق و خولیای بێ و دەبێ بەویژدانەوە کار بکا و بەئەمانەتەوە دەقەکە وەک خۆی بەزمانەکەی تر بنووسێتەوە، بۆیە بەڕای من کەسی وەرگێڕ دەبێ پڕ توانا بێ هێزی دەربڕینی بەسـەر ئەو زمانەدا بشکێ کە بۆی وەردەگێڕێ هـەروەها جوانیش لە مەبەستی زمانی لێوەرگێڕدراو تێ بگا و ئەگەر نا حەیف بەرهەمێک خەسار دەکا و رەنجی نووسەری یەکەم بەبا دەدا.

دەربارەی کارەکانی خۆیشم لە پێشدا بۆم باسکردی چیم کردووە و چی دەکەم.

*** لە کۆتاییدا ئێمە سوپاست دەکەین.**

- منیش سـوپاسـی ئێوە و گـۆڤـارەکەتان دەکـەم هـەروەهـا لە ڕێی ئێـوەشـەوە زۆر بەگـەرمی سـوپاسـی دەزگـای ئاراس دەکـەم بەرپرسـی و کـارمـەندانی کـە هـاوکـاریـیـان کـردم بۆ لە چاپدانی یەکـەم رۆمـانم "گوڵە بەفرینەی خوێناوی" کە وەرگێڕدراوەتە سـەر زمـانی کوردی لەلایەن هـاوڕێی ئازیزم "عـەلی فـەتحی" ئەمـەش ئاواتێکی لەمێژینەم بوو، کـە رۆمـانەکـانم بـە کـوردی چاپ بن بـەزاراوەی سـۆرانی لە باشـوور و رۆژهـەڵات بخـوێنرێنەوە و دووبارە سوپاس.